کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
21-7-2007 19:34بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**نامرن ئەوانەی لە دڵی میللەتدا دەژین ... ئا: جەمال مهابادی**

مامۆستا مەلا عەبدوسەلام محەمەد نەبی ناسراو بە مەلا سەلامی حەیدەری، لە ساڵی 1922ز لە گوندی بێتواتەی ناوچەی خۆشناوەتی سەر بە قەزای ڕانیە لە بنەماڵەیەکی ئەدەبی و ئایین پەروەردا چاوی بە دنیا هەڵێناوە و لە تەمەنی 7 ساڵیدا مەلا محەمەدی باوکی عەبدوسەلام دەنێرێتە بەر خوێندن لەلای مامۆستایانی گەورەی وەکو (مەلا فەتحوڵڵای هەرتەلی، مەلا نەجمەدینی بێراوا و شێخ عەبدوڵڵای سەران، خوێندنی ئایینی تەواو کردووە و ئاوارەی کوردستانی ڕۆژهەڵات بووە، لەوێ لە نەلۆس لەلای قەرەنی ئاغای مامەش ماوەتەوە و خوێندنی ئایینی خوێندووە، بە هۆی هەڵسوڕاوی لە ناو خەڵك و تێکەڵاوی بە سیاسەت، دەبێتە گەنجێکی لێهاتوو، پاشان دەچێتە مهاباد و لەوێ دەبێتە ئەندامی ژمارە 7ی ژێ کاف لەژێر دەستی پێشەوا قازی محەمەدی نەمردا، لەبەر لێزانی و زانایی لە ڕادەبەدەری پێشەوا دەیکاتە یەکەم سکرتێری خۆی، هەر بۆیە لەوێ ژیانی خێزانی پێکەوە دەنێت، مەلا سەلام لە کۆماری کوردستاندا بەشدار بووە و پاش ڕوخانی کۆمار، ماڵ و منداڵی جێهێشتووە و گەڕاوەتەوە زێدی باب و باپیرانی، لە شۆڕشی ئەیلولدا دەبێتە قازی یەکەمی شۆڕش، هەستی نیشتیمان پەروەری و کوردایەتی لە ناخی دا ڕیشەی داکوتاوە و هەردەم لە خزمەتی گەل و خاکەکەیدا بووە، زیاتر لە 35 ساڵ خزمەتی مامۆستایەتی بە ئەنجام گەیاندووە و منداڵانی کوردی لەسەر خۆشەویستی بۆ خاك و وڵات ڕاهێناوە، نزیکەی 10 ساڵ بەڕێوەبەری قوتابخانە بووە و کەسایەتیەکی دیار و بەرچاوی کوردستان و ناوچەکە بووە، زیاتر لە 40 بەرهەمی هەیە و گەلێك لێکۆڵینەوەی لە بوارەکانی ئایین و مێژوو لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاو کردۆتەوە، بایەخێکی تایبەتی بە مێژووی گەلەکەمان داوە و بەردەوام خەریکی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە بووە، ئایینی زەردەشتی بە ئایینێکی پیرۆزی کوردان زانیوە و ڕێز و خۆشەویستی تایبەتی بۆی هەبووە، لە توێژینەوەکانیدا بە بەڵگە سەلماندویەتی کە حەزرەتی ئیبراهیم خەلیل لە کێوی دۆڵ مارانی خۆشناوەتی خراوەتە ناو ئاگر و مەنجەنیقەوە، بەشێك لە بەرهەمەکانی ئەو پایە بەرزە جگە لەو بابەت و وتار و بەرنامانەی کە بۆ تەلەفزیۆنەکانی ڕاپەڕین و زاگرۆسی کردووە بریتین لە:

1- قاموسی عەرەبی- هیندی - کوردی (چاپ نەکراوە) .
2- قاموسی فارسی (چاپ کراوە)
3- خەون نامەی کوردی (چاپ کراوە)
4- دیوانی شەوێك لەگەڵ خەیام (چاپ کراوە)
5- تەفسیری قورئانی پیرۆز (چاپ نەکراوە)
6- میعراج نامە.
7- مەولود نامە.
8- شێخی سەنعان.
9- هەندێ لایەنی ون بو لە مێژووی کورد.
10- یوسف و زولەیخا و دەیان بەرهەمی تر لەپاش ئەو بەلیمەتە بەرێزە بەجێ ماون، ئەم مامۆستا پایە بەرزە بە بەرنامەی گەڕانەوە بۆ مێژوو کە لە تەلەفزیۆنی ڕاپەڕین بڵاو دەکرایەوە، خزمەتێکی گەورەی بە مێژووی گەلەکەمان کردووە، زۆربەی خوێندکارانی زانکۆکانی سەلاحەدین و سلێمانی وەك سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراوە کەڵکیان لە لێکۆڵینەوەکانی وەرگرتووە و دەتوانین بڵێین ئەم گەورە پیاوە گەنجینەیەکی لەبن نەهاتوو بووە بۆ مێژووی گەلی کورد، بەڵام بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا کە لەمە زیاتر خزمەت بە نیشتیمانەکەی بکات و لە ڕۆژی یەك شەممە 2007-7-15 کاتژمێر 12:30، دوای

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نزیکەی 4 مانگ بەر بەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی بە سەکتەی مێشك دڵە ناسك و گەورەکەی لە لێدان کەوت و بەرەو کەشکەڵانی فەلەك ڕوحی بەرزە فڕی هەڵفڕی و بە کۆچی خۆی دڵی هەر مرۆڤێکی کورد پەروەر و نیشتیمان پەروەری هێنایە خەم و پەژارە و ژان و سەراپای ئەم خاك و زێدەی خستە ناو تازیە باریەوە. بەڵام هەر وەك پیرەمێردی نەمر دەڵێت: نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا دەژین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.